# تیۆری سیاسی بەرادوردکاری

## وانەی یەکەم و دووەم

### پێشەکییەك بۆ تیۆری سیاسی

تیۆری سیاسی لە بابەتە سەرەکییەکانی زانستی سیاسەتە، کاتێکیش بووەتە وانەییەك بۆ خوێندن بەهۆی ئەو پێگەیشتنەو بەرەوپێشچوونەی بیری سیاسی و زانستی سیاسییە بەشێوەیەکی گشتی. بەشێوەیەك کە هزرە سیاسییەکان لە چوارچێوەی تیۆرە سیاسییەکان چیتر لەوە دەرچوونە کە تەنها بیرۆکەیەك و قسەیەکی گشتی بن و دووربن لە واقع، بەلکو بوونەتە پێوەرێك کە دەکرێ بابەتی سیاسی وا لێبکەن ببێتە زانست هەروەك زانستەکانی دیکە.

چەمکی تیۆری سیاسی لە زانستە سیاسییەکان دوای گەشتێکی دوورودرێژی هزری سیاسی هاتۆتە پێشەوە، کاتێك ئەم هزرانە لە داستانی سیاسییەوە بوونە هزری سیاسی، پاشانیش بوونە زانستی سیاسی، کاتێك بوونە زانستی سیاسی، ئیتر شتێك هاتە پێشەوە ناوی تیۆری سیاسییە. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین تیۆری سیاسی بیریتییە لەو لایەنە زانستیی مەنهەجییەی هزری سیاسی کە پێش ئەوە تیۆرەکان بوونیان هەبێت سیاسەت تەنها کۆمەڵێك هزری نارێکخراوبوون.

بەشێوەیەکی گشتی سیاسەت چوار مانای جیاوازی هەیە:

یەکەم: دەبەسترێتەوە بە هونەری حکومەت و چالاکی دەوڵەت ، ئەمە پێناسەیەکی کلاسیکی سیاسەتە، ئەمەیان لە یۆنان سەریهەڵداوە بە تایبەت لە دەوڵەتە شارەکان.

دووەم: وا دەبینرێ سیاسی چالاکییەکی گشتی بێت بەوەی پەیوەندیدارە بە سلوك و بەرێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە، ئەم تێروانینە دەگەرێتەوە بۆ ئەرستۆ لەنێوخۆی کۆمەڵگەی سیاسیدا.

سێیەم: وا سەیری سیاسەت دەکرێت کەوا ئامرازی تایبەت بێت بۆ چارەسەرکردنی ململانێ لەرێگەی رێککردن و رازی کردن و دانوستانەوە.

چوارەم: وا سەیری سیاسەت دەکرێت کە دەبەسترێتەوە بە بەرهەم هێنان و دابەشکردنەوە، وە بەکارهێنانی سامانەکان، بەم مانایە بێت سیاسیەت باس لە هێز یان توانست دەکات بۆ بەدیهێنانی دەرەنجامی خوازراو لەرێگەی هەر ئامرازێکەوە بێت. لایەنگرانی ئەم تێروانینە بزوتنەوە فیمینستییەکان و مارکسییەکانن.

ئەمەش مانای ئەوە دێت کەوا زانستی سیاسیەت زانستێکی تەجربییە، پاشان دەبەسترێتەوە بە سێ بابەتەوە:

1. ئاستی زانستی بوونی زانستی سیاسەت: سیاسەت بووەتە زانست و دەروازەو میتۆدی خۆی هەیە.

2. جیاکاری زانستی سیاسی و هزری سیاسی: جیاکردنەوەیان.
3. زانستی سیاسیەت هاتووە لەپێناو دیراسەتکردنی کۆمەڵێك چەمکی پەیوەست بە سیاسەتەوە وەك پارتەکان، کۆمەڵەکان، هەڵبژاردن ..... و چەندانی دیکەش.

چەند گفتوگۆیەکی ئەکادیمی و زانستی هەیە سەبارەت بە ماهییەتی سیاسەت، ئەم گفتوگۆیانە بوونەتە هۆی دروستبوونی جیاوازی لەنێوان تیۆرییەکان، هەندێ لەم تیۆرییانە پێی وایە سیاسەت گرنگی بەو شتانە دەدات کە پەیوەستن بە دەوڵەتەوە، بەمانای ئەوەی سیاسیەت دیراسەتی حکومەت دەکات. لایەنگرانی ئەم تیۆریانە خۆیان لە تیۆری سەروەریدا بینیەوە، ئەمە تیۆرییەکە وا لەدەوڵەت دەکات بەشێوەیەکی تەواو لە سەروەری نەتەوە بەرجەستە بێت. لایەنگرانی ئەم تیۆرییە چەند بیرمەندێکی هاوچەرخن، بۆ نمونە (روجیە سولتو، جان دابن، مارسیل بریلو).

بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی سیاسەت، ئەم چەمکە زیاتر رۆیست بەرەوە ئەوەی سەیری بکرێت وەك زانستی هێز، یان دەسەڵات. سەرەرای ئەوەی دەوڵەت دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی یان دامەزراوەی دامەزراوەکانە، خۆیشی لەدەرەوەی کۆمەڵگە نییە، بەلکو درێژکراوەی کۆمەڵگەیە. بەم شێوەیە چەندان تیۆری دیکەیان هەیە سەبارەت بە ماهییەتی زانستی سیاسەت و جەدەلێکی زۆر لەنێوان ئەم تیۆرانە هەیە.

بەشێوەکی پوخت دەتوانین بڵێین:

- قسەکردن لەسەر سیاسەت و زانستی سیاسییەت، لە ناواخندا قسەکردنە لەسەر تیۆری سیاسی، زانستی سیاسەت برییتە لە بەشداری هزری زانا سیاسییەکان، هەروەها سیاسەت نەدەبووە زانست ئەگەر تیۆری سیاسی نەبوایە.
- دەوڵەت دڵ و ئەساسی سیاسەت و زانستی سیاسییە، بەشێوەیەك کەوا زۆرینەی تیۆرییە سیاسییەکان لە دەوری دەولەت دەسورێنەوە.
- هەر کۆمەڵگەیەك تیۆری سیاسی تایبەتی هەیە، بەشیوەیەکی گشتی سەرچاوەی گرتووە لە کەلتورە سیاسییەکەی و ئاستی پێشکەوتن شارستانییەکەی. هەندێ کۆمەڵگە وای دەبینن دیکتاتۆرییەت باشترە بۆ رێککردنی کۆمەڵگە و ئاسایشەکە، هەندێکی تر وای دەبینن دیموکراسی چارەسەرێکی گونجاوە بۆ مامەڵەکردن لەگەل تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە و داواکارییەکانی. هەندێ کۆمەڵگەی تریش پێیان وایە ئیشتراکییەت و حوکمی سەربازی گونجاوترینە بۆ کۆمەڵگە.

تیۆری سیاسی چییە؟

بابەتی تیۆری سیاسی لێکدراوە لە دوو ووشە، هەر یەکێکیان ئاماژەیە بۆ ئەوەی دیکە، تیۆر ئاماژەیە بۆ سیاسەت، سیاسەتیش ئاماژەیە بۆ تیۆر، بەو مانایەی، بۆ تێگەیشتنی تەواو پێویست دەکات چەمکەکان لەیەك نزیك بکەینەوە. **سیاسەت** ئەو بوارە زانستییەیە کە تیۆرییەکەی تێدایە، کە زانایانی سیاسی بۆ تێگەیشتنی قوڵ لە دیاردەکان پشتی پێبەدەبەستن، وە **تیۆر** بە مانا زانستییەکەی.

بەو ئیعتبارەی تیۆری سیاسی یەکێکە لە بەرهەمەکانی عەقلی مرۆڤ، بۆیە بەشێکیشە لە هزری و زانستی سیاسی، بەڵام ئەمەیان ئەم بەشەیە کە گەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتن لە هزری سیاسی. تیۆر گواستنەوەی سیاسەتە لە بابەتی ئەفسانەو خورافات و پێشبینی فەلسەفی دوور لە واقع. بۆ قۆناغی هزری رێکخراو و خاوەن میتۆد کە لە واقعەوە سەرچاوەی گرتووەو دەکرێ تەفسیر بکرێت و تێگەیشتنی بۆ بکرێت.

تیۆر یان کردەی تیۆری یەکەیەکی بنەرەتی لە نەسقی بیرکردنەوەی زانستی، هیچ زانستێك بوونی نییە بێ تیۆری زانستی، مەعریفەی تەجریبی و مەیدانی پشت بە تیۆری زانستی دەبەستێت، بۆیە دەرەنجامەکانی دەشێ ببنەوە تیۆری زانستی دیکە.

لەرووی چەمکەوە، تیۆر کۆمەڵێك گشتاندن و ئەحکامی مجردە لە راستی، پێویستە بە بەڵگە بسەلمێنرێت، هەروەها بریتیە تێکەلەیەکی عەقلی پێکهاتوو لە تەصەوارات ئامانج لێی بەستنەوەی دەرەنجامەکانە بە پرەنسیپەکان.

پێناسە زۆرە بۆ تیۆری زانستی، هەریەکێك لە گۆشەنیگایەوە پێناسەی دەکات. بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو بەکارهێنانە باوەی چەمکی تیۆر، لەگەڵ مانا زانستییەکەی. لەبەکارهێنانە باوەکەیدا تیۆری زانستی بریتیە لە هەموو شەو شتانەی تیۆرین و پێشبینیکراون، لەسەر خەملاندن بنیاتنراوە. بەڵام مانا زانستییەکەی، بریتیە لە بەستنەوەی لایەنی تیۆری و واقعی تەجریبی. ئەو تیۆرییەی لە واقع دابرێنرابێت دەبێتە فەلسەفە، یان دەبێتە کۆمەڵێك ووتەی نەگونجاو لەگەڵ واقع، بەڵام تیۆری زانستی ئەوەیە کە پەیوەندیەکی جەدەلی لەگەڵ واقع هەیە، لەگەڵ یەك پێشدەکەون، دەتوانرێ بگوترێت واقع یەکلاکردنەوەیەکی زانستیە بۆ راستی و دروستی و زانستی بوونی تیۆرییەکە.

کەواتە تیۆر بریتییە لەکۆمەڵێك چەمك و گریمانە و یاسای بەیەکەوە بەستراو بەشێوەی ئۆرگانی و لۆژیکی بەیەکتر، کەوا دەتوانرێ لەمیانەی ئەو بەیەکبەستنەوە ئۆرگانییە و لۆژیکییە تەفسیرێکی باوەرپێکراو پێشکەش بکرێت بۆ ئەو دیاردەی کەوا شیدەکرێتەوە. هەرەوەها دەکرێ لەم رێگەیەوە پێشبینی ئاراستەی جولەی دیاردەی هاوشێوە بکرێت.

تیۆری سیاسی بە بابەتێکی تایبەتمەند دادەنرێت بۆ خوێندن، سەرەرای ئەوەی بەشێوەیەکی تایبەت لە ناوەندە زانستییە پێشکەوتووەکان سەیری دەکرێت. تەنانەت بووەتە پسپۆرییەکی تایبەت لەنێو زانستە سیاسییەکان. کە دیراسەیەکی شیکاری لەخۆی دەگرێت بۆ هزر و مەزهەبەکان، کە سیفەتی سەنتەربوونی هەیە لە هزری سیاسیدا. بەمانا تەقلیدییەکەی تیۆری سیاسی شێوەی مێژووی هزری وەرگرتووە، کە جەخت لەسەر چەند بیرمەندێکی سەرەکی دەکات، لە ئەفلاتونەوە بۆ مارکس، چونکە ئامانج و تەصروفاتی سیاسی دەخوێنرێت، چونکە گرنگی دەدات بە پرسیارە ئەخلاقییەکان، یان ئەوانەی پەیوەستن بە بابەتەکانی وەکو، دادپەروەری، ئازادی، یەکسانی و چەندانی دیکە.

*{تیۆری سیاسی بریتییە لەو هزری سیاسی کە گەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتوویی}*

مارسیلۆ بادۆ پێناسەی تیۆری سیاسی دەکات، بریتییە لە تەنسقی بابەتیانە بۆ ئەو تێبیانیانەی بوونیان هەیە دەرهەق بەدیاردەیەکی سیاسی، وە تەفسیرکردن و کەشف کردنی بەڵگەکانی، سەرەرای گشتاندنی، هەروەها ئەو بەستەرەیە کە عەقل لەسەری هەڵسەنگاندنی بۆ کردووە لەنێوان واقعە سیاسییەکاندا.

ئەریك ڤۆجلین Eric Voeglin دەناسێنێ بە هزرێکی رەخنەگرانە دەربارەی سیاسی، کە بەبێ ئەو ناکرێ زانستێك هەبێ بەناوی سیاسەت.

کەواتە  تیۆری سیاسی کۆڵەکەیەکی بنەرەتییە لە کۆلەکەکانی زانستی سیاسی، کە بەشێوەیەکی توند بە هزری سیاسی و ئایدۆلۆژیای سیاسی بەستراوەتەوە، تەنانەت زۆرکات ناتوانرێ هێڵێکی جیاکەرەوە بکێشرێت لەنێوان هزری سیاسی و تیۆری سیاسی.

پێناسەی جۆراوجۆر هەیە بۆ تیۆری سیاسی، کە ئەمە یارمەتیدەر بووە بۆ گەشەسەندنی هزری سیاسی و پاشانیش زانستی سیاسی. تیۆری سیاسی بەشێوەیەکی گشتی دوو بەشە:

**یەکەم: تیۆری سیاسی کلاسیکی:** کە دەست پێدەکات بە ووتانەی دەگوتران سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ و ئەرکەکانی بەرامبەر دەسەڵات، سەبارەت بە تێگەیشتنەکان لە فەلسەفەی سیاسی **(ئەفلاتون و هیوم)**

**دووەم: تیۆری سیاسی هاوچەرخ:** ئەمە تیۆرێکی سیاسی زیاتر لە فەلسەفەی سیاسییە، چەند شێوەیەکی هەمەچەشنی وەرگرتووە، کە بووەتە هۆی گواستنەوەی  کۆمەڵێك کتێب بۆ دراسەتکردنی چەمکە کۆنەکانی وەکو دادپەروەری، بەشێکی تری هەڵدەستێ بە شیکردنەوەی سلوکی سیاسی کەسەکان، هەروەها بەشێکی تر هەوڵدەدات بە بەستنەوەی هزری سیاسی و سلوکی سیاسی.

بەمانایەکی دیکە، ئەو تیۆرییە سیاسییەی هزرەکانی سەرچاوەی گرتووە لە داتاو زانیاری و لەسەر تێبینی کردن بنیاتنراوە، پێناسە دەکرێت بە **تیۆری سیاسی تەجریبی Empirical**، بەڵام ئەگەر دیاردە سیاسییەکانی بەپێوەرە ئەخلاقییەکان چارەبکات، ئەوا پێناسە دەکرێت بە **تیۆری سیاسی معیاری Normative.**

لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەم، میتۆدەکانی زانستە تەجریبیەکان سەریان هەڵدا، لەنێویاندا میتۆدی وەضعی، لێرەدا پرسەکان جەخت دەکەنە سەر تێبینی کردن و ئەزموونکردن نەوەك پێشبینی کردن، بەشێوەیەك کەوا میتۆدی زانستی دەرکەوتن لەسەر بنەمای واقع و ئەزموونکردن، ئیتر شتێك دەرکەوت کەوا پێیدەگوترێت زانستی سیاسی نوێ. ئەم زانستە هاتە پێشەوە لەپێناو بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵگەکان، ئیتر زانستی سیاسی بووە زانستی دەوڵەت، یان ئەو زانستەی کەوا دیراسەی واقعی سیاسی دەکات لە دەوڵەت بەبەکارهێنانی میتۆدی زانستی ئەزموونی.

## زانستی سیاسی میتۆدە فەلسەفییەکان و میتۆدە ئەزموونیەکانی




بەشێوەیەکی گشتی تیۆری سیاسی بە دوو پرس بەستراوەتەوە، یەکەمیان: پەیوەستە بە بەها مادی و مەعنەوییەکان، دووەمیان: بەپرسی حوکمرانی لە کۆمەڵگە.

تیۆرییە سیاسیەکان هەوڵدەدەن تەفسیری دیاردە سیاسییەکان بکەن یان پێشبینیان بکەن، کۆمەڵێك چەمکی تێکەڵ و بەیەك بەستراون لەنێوان خۆیاندا ، گوزارشتە لە ستراتیژیەتی توێژینەوە هاتووە لەسەر بنەمای تێبینی کردن یان توێژینەوە یان دیراسەتکردن کە هاتووە لەمیانەی سەیرکردن لە دیاردەیەکی دیاریکراو.

تیۆری سیاسی بریتیە لە هزرێکی زانستی و مەنهەجی، چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە ڕێکخستنە هزرییەکانی دیکە، لەوانە:

1- ووردی و ڕوونی چەمکەکانی کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لێی.
2- ئەو گریمانانەی پشتی پێدەبەسترێت پێویستە عەقلانی و لۆژیکی بن، خەیالی نەبێت، هەروەها پێویستە بنیاتنرابێ لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو.
3- ووردی لە پێشبینی کردنی، هەرچەندە پێشبینییەکانی دروست بن ئەوەندە زانستیترە.
4- پیویستە توانستێکی باڵای هەبێت لە تەفسیرکردنی ئەو دیاردانەی دەیخوێنێتەوە، تەفسیری باش ئەوەیە کە یارمەتی تێگەیشتن بدات.
5- پێویستە بگونجێ بۆ تاقیکردنەوە لە واقع، پێویستە لەسەر دیاردە نزیکەکان لەیەکتر بەراوردبکرێت.
6- تیۆری باش ئەوەیە کە سودی کۆمەڵایەتی و ئابووری لێ بەدی بهێت لەڕووی دابین کردنی پارەو ماندبووبون لەسەر توێژەران.
7- پێویستە ڕەسەن بێت و دووبارەی تیۆرەکانی دیکە نەبێت.
8- پێویستە زۆر هاوتا بێت لەگەڵ واقع.

تیۆری سیاسی تیۆرێکی زانستییە، بەشێوەیەك کەوا ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە، کە لەگەل ئامانجەکانی زانست بە گشتی دەگونجێت، کە بریتییە لە رێکخستن و تەفسیرکردن و پێشبینی کرن. دەکرێ پوختی بکەینەوە لە چەند خاڵێك:

1. بەشدار دەبێ لە گەشەکردنی زانستی سیاسی، و مەعریفەی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی، لەرێگەی رێکخستنی چەمکە سیاسییەکان و عەقلانی کردنی گوتاری سیاسی، هەروەها دەرهێنانی هزری سیاسی لە گشتاندن و رووکەشی و رزگارکردنی لە بیرۆکەی خورافی و داستانێك کە هیچ بەڵگەیەکی نییە.
2. توانستی توێژەران لە زانستە سیاسییەکان لەچوارچێوەیەکی تیۆری کە بەشێوەیەکی زانستی سەلمێنرابێت.
3. پوختەی ئەوەی زانایانی سیاسی پێیگەیشتوونە دەخرێتە بەردەستی پیاوانی سیاسەت بۆ تێگەیشتن لە پرسە سیاسییەکان، کە یارمەتییان دەدات ممارسەی کاری خۆیان بکەن لەسەر بنەمایەکی زانستی.
4. هەست و سۆزە نیشتمانییەکان و شێوازەکانی ئەندامییەتی رێکدەخات و وای لێدەکات زیاتر عەقلانی بێت و توانای رووبەرووبونەوەی واقعی هەبێت.
5. پوختەی بیرکردنەوەی سیاسی مرۆڤ دەخاتە بەردەم توێژەران، توانای ئەوەی پێدەدات کە مەعریفەیەکی تەواوی هەبێت، کە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لەدەرکردنی یاساکان. بەشێوەیەك کەوا مەعریفەکەی بگونجێ لەگەڵ ئێستا و توانای دیاریکردنی ئاسۆی داهاتووی هەبێت زۆر بەئاسانی.
6. دیارترین کەم و کورییەکانی مەعریفەی سیاسی و ممارسەی سیاسی دیاریدەکات.

**برەودانی هاوچەرخ بە تیۆری سیاسی: تیۆری سیاسی لە سەدەی بیست و یەك**

ئەو پێگەیە تیۆری سیاسی نوێ هەیە لە زانستە سیاسییەکان بە ئاسانی نەهاتۆتەدی، لێرەدا تیۆری سیاسی رووبەرووی چەندین بەرپەچدانەوەی جدی دەبێتەوە، جا یان لەلایەن رۆشەنبیری کۆمەڵایەتی باوە، یانیش لەلایەن خاوەن بەرژەوەندییەکان و هێزە باڵادەستەکانە لەکۆمەڵگە، کەوا ترسیان هەیە لە هزری نوێ، بەتایبەت ئەو هزرە نوێیەی بەرجەستەکردنی نوێ بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەو هزرانەی مەترسین بۆ سەر پێگەو بەرژەوەندییەکانیان. لێرەوە دەبینین هزری نوێ پێویستی بە جەنگە تاوەکو شوێنی خۆی دەگرێ، هەموو گۆرانکارییەکان دوای جەنگ و رووبەرووبونەوەی زۆر شوێنی خۆی گرتووە.

ئێستا رووداوەکان زۆر خێران هاوشان لەگەڵ گۆرانکارییە خێراکانی جیهان، لەگەل هەرەسی بەرەی ئیشتراکی و بڵاوبوونەوەی گوتارەکانی جیهانگەری، هەروەها هێزی کاریگەری شۆرشی تەکنەلۆژی، هەر یەکێك لەم گۆرانکارییانە جێپەنجەی لەسەر تیۆری سیاسی جێهێشتووە، کەوا پاڵی پێوەناوە بۆ نوێکردنەوەو پێشکەوتنی گریمانە و ئامرازەکانی. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ***دیڤید ئیستن*** و ***ئەلفرێد کۆبان*** بگەنە ئەوەی دان بەوەدا بنێن کە تیۆری سیاسی لەدۆخی دارمان و لاربوونەوەی بەردەوامە.

*((تیۆری سیاسی نامرێت بەڵکو گۆرانکاری بەسەردادێت وگەشەدەکات))*

تیۆری سیاسی وەك میتۆدێك بۆ سیاسەت شیکردنەوەیەکی فەلسەفی و پێوەری (معیاری[1]) لەخۆی دەگرێت، دەکرێ وا سەیری بکەین بەو ئیعتبارەی تەقلیدێکی درێژ و گونجاوە لە شیکردنەوەی سیاسی، کەوا توشی لاوزی بووە لەسەدەی بیست بەهۆی هەڵکشانی  پۆزیتیڤیزم (الوضعية[2] الأساسية) و هێرشەکانی بۆ سەر چەمکە پێوەرییەکان.

تیۆری سیاسی لەدۆخێکی گەمارۆدراو بوو لە سەدەی بیستەمدا، بەشێوەیەك کەوا ***پیتر لاسلت*** لەمیانەی کتێبی (***فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵگە***) (1956) ووتە بەناوبانگەکەی ووت (( *فەلسەفەی سیاسی مرد*))، مردنەکەشی بەهۆی ئەو گۆرانکاریانەبوو کەبەسەر فەلسەفەدا هات، بەتایبەت دوای دەرکەوتنی ( فەلسەفەی پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی - الفلسفة الوضعية المنطقية[3]). پاشان چەمکە پیوەرییەکان فەرامۆش کران لەسەر ئەو بنەمایەی کە رەتکراوەن، و لابردنی فەیلەسوفەکان، لە دەرەنجامی ئەمەدا، گرنگیدان بە پرسە سیاسی و ئەخلاقییەکان نەما، بەهۆی ئەمەوە زانایانی سیاسی پشتیان کرد لە میراتی هزری سیاسی معیاری، ئەمەش لەژێر کاریگەری شۆرشی سلوکی، کە یەکێکە لە بەرهەمانی فەلسەفەی پۆزیتیڤیزمی، ئەمەش بەمانای ئەوەی، ووشەکانی وەکو دیموکراتی، دووبارە پێناسە دەکرێت و دیار دەکرێتەوە لەروانگەی سلوکی سیاسی کە قابلی قیاس بێت.

پاش دەیەی شەستەکانی سەدەی رابردوو، تیۆری سیاسی جارێکی تر دەرکەوتەوە بە چالاکییەکی تازەوە، ئیتر جیاوازییەکی توند کرا لەنێوان زانستی سیاسی و تیۆری سیاسی. ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە، کە خۆی دەبینیەوە لە پەرەسەندنی نارەحەتی لە فەلسەفەی رەفتاریی، لەگەڵ رێژەیی بوونی زانست لە دۆزینەوەی حەقیقەت بەشێوەیەکی بابەتیانە. لەدەرەنجامی پێشکەوتنی فەلسەفەی زانست، بەشێوەیەکی تایبەت لەلایەن تۆماس کوهن Thomas Kuhn، ئەوەی دووپات کردەوە کە مەعریفەی زانستی شتێکی رەها نییە، کە ئەمە بووە دەرکەوتنی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ، ئەمەش رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر کاری نەوەی نوێی تیۆرزانانی سیاسی وەکو جۆن راولز John Rawls و رۆبەرت نۆزیك Robert Nozick

سەرەرای ئەم هاتنە تازەی تیۆری سیاسی، بەڵام لە چەندین لایەنەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ دەرکەوتنەکانی پێشووی. تەقالیدی فەلسەفی بۆ دراسەت کردنی زانستی سیاسی پێشتر وەك شیکردنەوەی سەردەمەکان بوو بۆ کۆمەڵێك کێشەی دووبارە بەشێوەیەکی بەردەوام، وەك کێشەی دادپەروەری، بنەماکانی پابەندبوونی

---

[1] وەك بەها وەێف دەکرێت، ئاماژەدانە بۆ بەها مەعنەوییەکان، هەروەها بۆ ئەو چەمکە سیاسیانەی بەهایەکیان هەڵگرتووە وەکو ئازادی، ماف، دادپەروەری، یەکسانی و لێبوردەیی. بەهاکان پێشکەش دەکات، یان چەمکە پێوەرییەکان پێشکەش دەکات، یان وەسفی چەند شێوەیەك لە سلوك دەکات زیاتر لەوەی وەێفی رووداو یان حەقایقێك بکات، بۆیە هەندێ جار ئەستەم دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان بەها سیاسییەکان و ئایدۆلۆجیاو بیروباوەرو فەلسەفە ئەخلاقییەکان.

[2] الوضعیە: بریتییە لە شێوەکانی مەعریفەی فەلسەفی، بە ووردی پابەندە بە زانستە سروشتییەکان، **کلود هنری سانت سیمون** ئەم چەمکەی هێنا پێشەوە، پاشان ئەم چەمکە لایەنگری زۆری بۆ دروست بوو بەهۆی **ئۆگەست کۆنت**، وەضعیەت گریمانەی ئەوە دەکات زانست مەعریفە لەناو دەبات لەشێوەی پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی، ئەمە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی رابردوو بەهۆی کۆمەڵێك فەیلەسوفەوە، پۆزەتیڤیزم رووبەرووی هەموو ئەم گریمانانە بوییەوە کە توانای تەحقیق بکرێن بەشێوەیەکی ئەزموونی

[3] ئەم فەلسەفەیە لەلایەن کۆمەڵێك فەیلەسوفەوە هاتە پێشەوە کە بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ پێیان دەگوترا (بازنەی ڤییەنا)، بروایەکی قوڵیان بە زانست هەبوو، پێیان وابوو کەوا گریمانەکان ناتوانرێ پشکنینیان بۆ بکرێت بەشێوەیەکی تەجریبی بەو گریمانانەی کە هیچ مانایەکیان نییە.

سیاسی، هاوسەنگی دروست لەنێوان ئازادی و یەکسانی، کەوا فەلسەفەی سیاسی دیراسەی دەکرد لەرێگەی بەشداری بیرمەندە سیاسییەکانەوە، ئەمەی شیدەکردەوە کە ئەم پرسانە چۆن گەشەی کردووە لە سەردەمی کۆنەوە بۆ سەردەمی ناوەراست، بۆ سەردەمی و نویێ و پاشانیش بۆ هاوچەرخ.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تیۆری سیاسی هاوچەرخ ئەوەیە دوو گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە:

**یەکەم: گەشەسەندنی یەکەم**: جەخت کردنەوەیەکی گەورەی دانا لەسەر رۆڵ مێژوو و کەلتور بۆ پێکهێنان و دروستکردنی تێگەیشتنی سیاسی، ئەوەی ئەفلاتون و رۆسۆ و مارکس نوسیویانە روونکردنەوەی ئەو کۆمەڵگەو بارودۆخەیە کە ئەوان لە مێژوودا تێیدا ژیاون، زیاتر لەوەی کارلێك بکات لەگەل پرسە سیاسی و ئەخلاقییەکان. پاشان ئەو تێگەیشتنە هاوچەرخەی ئێستا بەدەست هاتووە، لەرێگەی دیراسەی بیرمەندە سیاسییەکانی پێشوو پێشوو بووە.

**دووەم: گەشەسەندنی دووەم**: خۆی لەمەدا دەبینێتەوە کەوا تیۆری سیاسی هاوچەرخ پەرش و بڵاوبوویەوە بەشێوەیەکی بەرچاو، بەشێوەیەك هزری سیاسی رۆژئاوایی تایبەتمەندییەکی لیبرالی روونی وەرگرت بە ئاستێك کەوا لیبرالیزم و تیۆری سیاسی هاوشانی یەك هاتن لە کات و شوێندا. منافسەکانی لیبرالیزم بریتی بوون لە: مارکسیزم، رێبازی پارێزگاری کلاسیکی.